# سەرەتايەك بۆ تێگەيشتن لە ڕۆژنامەوانى منداڵان

**مەجيد ساڵح**
Magid1968@yahoo.com

ڕۆژنامەوانى منداڵان بە يەكێك لە گرنگترين كەرەستەكانى بڵاوكردنەوەى هۆشيارى و پەروەردەكردنى ئەدەبى و كولتورى دادەنرێت و لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا گرنگيەكى لە رادەبەدەرى پێدەدرێت . ڕۆژنامەوانى منداڵان لە مێژە لاى ڕۆژئاواييەكان وبە تايبەت لاى ئۆروپيەكان دەركەوتووە هەندێك لە مێژوونووسانى بوارى ماس ميديا واى بۆ دەچن يەكەمين ڕۆژنامەى تايبەت بە منداڵان لە نێوان ساڵانى 1747 بۆ 1791 لە فەرنسا بە ناوى "هاورێى منداڵان"ەوە لە لايەن ئەديبێكى نەناسراوەوە دەركراوە، لەو ڕۆژنامەدا بە زمانێكى ئاسان ورەوانى فەرەنسى چيرۆكى ولآتانى ترى وەرگێراوە وبۆشاييەكى گەورەى لەوكاتەدا پڕكردوەتەوە وبۆ كاتى خۆى داهێنانێكى مەزن بووە. بەڵام زۆربەى ئەوانەى قسە لە سەر مێژووى ڕۆژنامەوانى منداڵان دەكەن واى بۆ دەچن يەكەمين ڕۆژنامەى منداڵان لە ساڵى 1830دا هەر لە فەرەنسا دەركەوتووە، دواى زياتر لە نيو سەدەش(پۆليتزر) لە ئەمريكا پاشكۆيەكى تايبەت بە منداڵانى لە ڕۆژنامەى "گلۆباڵ"ى نيويۆرك دەركرد. لە شوباتى ساڵى 1896لەو پاشكۆيەدا بەوێنەوە چيرۆكى منداڵێكى سەركێش لە ناو نيويۆركدا بڵاوكراوەتەوە بەم شێوەيە جۆرێكى نوێ لە ڕۆژنامە دەركەوت كە پێشتر كەس نەيديبوو. ساڵى 1915 خاتو " پرى" لە بريتانيا گۆڤارێكى دەركرد بە ناوى " باخچەى قوتابخانە"، ئەو گۆڤارە يەكەمين گۆڤارە كە تێيدا منداڵان بابەتێك دەخوێننەوە جيا بێت لەو بابەتانەى لە قوتابخانەكاندا فێردەكران. لە گەڵ گۆرينى تێڕوانين بۆ منداڵان ڕۆژنامەوانى منداڵانيش بوو بە هۆكارێك تاكو لە ڕێگەيەوە منداڵان پەروەردەو فێر بكرێن.

**ڕۆژنامەوانى منداڵان چييە؛** ئەو ڕۆژنامەوانيەيە كە بە تايبەت بۆ تەمەنە جياجياكانى منداڵان نووسراوە، گەورەكان بابەتەكان دەنووسن وهەندێك جاريش منداڵان لە نووسينى گۆشەو بابەتى بچوكدا بەشدارى دەكەن. بەڵام بە شێوەيەكى گشتى ڕۆژنامەوانى منداڵان لە لايەن گەورەكانەوە بەرهەم دەهێنرێت. واتە لە گەورەوە بۆ منداڵ بە مەبەستى دەسكەوتێكى پەروەردەيى تايبەتەوە ئاراستە دەكرێت،

ئەو قۆناغە تەمەنيانەى كە دەبێت ڕۆژنامەوانى منداڵان پەيڕەوى بكات:

قۆناغى يەكەم 3 بۆ 6 ساڵان

قۆناغى دووەم 6 بۆ 8

قۆناغى سێيەم 8 بۆ12

جگە لەو ڕۆژنامانەى كە تايبەتن بە نەوجەوانان و هەرزەكاران (12 -18).

گرنگترين ئامانجەكانى ڕۆژنامەوانى منداڵان بريتين لە:

1. دروستكردنى رايەكى گشتى يەكگرتوو لاى ئەندامانى كۆمەڵگا وئاراستەكردنى بەرەو ڕێڕەوێكى ڕاست ودرووست.
2. ڕێگەى سەركەوتووە بۆ بەرفراوانكردنى ئاسۆى لاى منداڵان وپەيوەستكردنيان بە ژيانەوە.
3. يارمەتى منداڵان دەدات زمانيان پاراو بێت وبتوانن تەعبير لە خۆيان بكەن ورەخنەو پێشنيار بخەنە ڕوو.
4. تواناى داهێنان و شارەزابوون منداڵان بەرجەستە دەكات و گيانى گەڕان وپشكنين وخوێندەوەيان لا بە هێز دەكات.
5. وا لە منداڵان دەكات لەو سەردەمەى كە تێدان بژين وهاوشانى ڕووداوە هونەرى وكولتوريەكان پێشكەوێت و پەيوەندى دروست كات لە نێوان ڕەسەنايەتى ومۆدێرندا.
6. هەروەها ڕۆڵێكى گرنگ دەگێڕێت لە شادكردنى گيانى منداڵان ورابواردن بە جۆرێك لە گەڵ پەروەردەى هاوچەرخدا بگونجێت.
7. لە ڕێگەى ئەو بابەتانەى كە پێشكەشى دەكرێت ئينتماى نيشتمانى ونەتەوەى تێدا دەچێنرێت.

تايبەتمەنديەكانى ڕۆژنامەوانى منداڵان:

كۆمەڵێك تايبەتمەندى هەيە ڕۆژنامەوانى منداڵان لەوانى تر جيا دەكاتەوە، ئەوەىخوارەوە كورتەيەكى ئەو تايەتمەنديانەيە:

1. رۆشنبیرکردن وفیرکردنی منداڵان: له دروستکردنی کەسایەتی منداڵدا رۆژنامەوانی منداڵان رۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت. چونکە جگە لەوەی فێریان دەکات وشارەزاییان پێدەدات، هەستی چێژوەرگرتن وپەروەردەکردنیان لا بە هێز دەکات وکۆمەڵێك داب ونەریتی باڵایان لا دروست دەکات .

2. پشت بەستن بە هونەری بینین: بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوون وراستیەکان رۆژنامەوانی منداڵان پشت بە نووسین ووێنەو رەنگ دەبەستێت. واتە هەردوو زمانی دەربڕینی نووسراوو زمانی دەربڕینی وێنەیی بەکاردەهێنێت. گرنگی ئەوە لەودایە منداڵ خۆی لە خۆیدا زیاتر پشت بە بینین دەبەستێت، واتە پێش هەر شتێك لە رێگەی بینینی وێنە بینراوەکانەوە بیر دەکاتەوە.

3. فرەبابەتی وهەمەرەنگی: لەبەر فرەیی و هەمە رەنگی بابەتەکانی رۆژنامەی منداڵان کە خۆی لە چیرۆك و بابەتی زانستی و رۆشنبیریدا دەبینێتەوە ، منداڵ هەست دەکات زۆربەی حەز وئارەزووەکانی تێر بووە.

4. هاندان وسەرنج راکێشان: لەبەر ئەوەی بابەتەکانی رۆژنامەوانی منداڵان سەرنج راکێشن وچیرۆکەکانی حەزی منداڵ دەورووژێنێت ولەگەڵ زەوقی ئەودا یەك دەگرێتەوە و وێنەی سەرنج راکێش وبەرگی رەنگاورەنگی هەیە بە تایبەتی رەنگی زەردو سور وبەکارهێنانی وشەی کەم زیاتر منداڵ هاندەدات وسەرنجی رادەکێشێت.

5. بەردەوام بوون لە گەڵ خوێنەری منداڵان: خوێنەری منداڵ بە تەنیا حەزی لە خوێندنەوە نیە، بەڵکو خوێنەرێکە گەشەدەکات و پێش دەکەوێت و حەزدەکات بەبەردەوامی پەیوەندی لە گەڵ رۆژنامە یان گۆڤارەکەیدا ببەستێت. بۆیە دەبێت رۆژانەوانی منداڵانیش هەوڵ بدەن ئەو پەیوەندیە زیاتر پەرە پێبدەن ئەویش لە رێگەی بەخشینی خەڵات ودیاری ورێکخستنی پێشبڕکێ وکردنەوەی گۆشە بۆ ئەوانەی توانای نووسینیان هەیە .

6. ئەوکاراکتەرانەی لای منداڵ خۆشەویستن: کۆمەڵێك کاراکتەر هەن منداڵان پەیوەندیەکی سەیریان پێیانەوە هەیە ووەك هاوڕێ وپێشڕەوی خۆی تەماشایان دەکات. زۆرجار گۆڤارو رۆژنامەکان بە ناوی ئەوانەوە ناودەنرێن وەك "میکی ماوس، سوپرمان، سندی باد... هتد."

## ژانرەکانی رۆژنامەوانی منداڵان

تایبەتمەندی رۆژنامەوانی منداڵان لەوەدایە کەوا بۆ پەرەپێدانی پەروەردەی منداڵان وهۆشیارکردنەوەوبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریان دەردەکرێت. مامەڵەکردنی بابەتەکانیش بە پێوەری ئەو پەیام وەرگرانەوە دەکرێت کەوا لە رووی تەمەنەوە جیاجیان و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت. بۆیە کۆمەڵێك تایبەتمەندی وهەلومەرج هەیە خۆی بەسەر جۆری ئەو پەیامەدا دەسەپێنێت کە لە رۆژنامەوانی منداڵان دوەئاراستەیان دەکرێت. سەرەکی ترین جۆرەکانی رۆژنامەوانی منداڵان بریتین لە (گۆڤارو رۆژنامە). زۆرکەس پێیان وایە رۆژنامەوانی منداڵان زیاتر پشت بە بابەتی رابواردن ومەتەڵ وقسەی پێکەنین و پێشبڕکێ دەبەستێت، ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە ودەبێت بابەتەکانی رۆژنامەوانی منداڵان جگەلەوانە کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی وزانستی کولتوری لە خۆ بگرێت. ئەرکی رۆژنامەوانی منداڵان وەك کەناڵێکی پەیوەندی جەماوەری بریتیە لە بەرفراوانکردنی بازنەی زانیاریەکانی منداڵان لە هەموو روویەکەوە. هەر منداڵێك کە دەبینی رۆحێکی شاعیریانەی جوانی تێدایەو چۆن ئارەزوو بکات وێنەی دەوروبەری دەکێشێت، بۆیە ئەرکی رۆژنامەوانی منداڵان ئەوەیە یارمەتیان بدات لەو کارەدا.

1. چیرۆك: لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە ئەو منداڵانەی کەوا جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە کتێبی تر بە تایبەت چیرۆك دەخوێننەوە لە رووی هۆشیاری وگەشەکردن وکەسایەتیەوە لەو منداڵانەی تر کە ئەوکارە ناکەن لە پێشترن. هەروەها ئەوە سەلمێنراوە تاکو منداڵ خوێندنەوەی زیاتر بێت کەمتر پشت دەبەستێت بە گەورەکان وهەستی پشتبەخۆبەستنی لا بەهێزتر دەبێت. بۆیە پسپۆرانی بواری رۆژنامەوانی داوادەکەن لەوانەی کەوا لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی منداڵاندا کاردەکەن، لە رێگەی پێشکەشکردنی چیرۆکی سەرنج راکێش وسەیروسەمەرەوە ئەو سودە بە منداڵان بگەیەنن. چیرۆکی منداڵان دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە چیبرۆکی سەرکێشی (مغامرات)و چیرۆکی پۆلیسی و وچیرۆکی خەیاڵی زانستی وسۆپرمان وچیرۆکی مێژوویی وچیرۆکی بەرئاگردان. هەندێك جار چیرۆکەکە بە یەك بەش ولە ژمارەیەکدا بڵاو دەبێتەوەو هەندێك جاریی تریش لە شێوەی زنجیرە. زۆرجاریش چیرۆکەکان بە وێنەی جوان ورەنگاو رەنگی پاڵەوانەکان رازاونەتەوە. منداڵ بەشێوەیەکی رەها حەزی لە لاسایکردنەوەی پاڵەوانەکان دەکاتەوەوپێی باشە پاڵەوانەکان لە رووی تەمەنەوە لە خۆی نزیك بن. جا باشتر وایە ئەو پاڵەوانانە کە بە کارێکی خێرخوازی یان سەرکەوتولە ژیان هەڵدەستن منداڵ بن.

2. **بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی:** منداڵ بەوە ناسراوە سەبارەت بە هەموو ئەو دیاردەوشتانەی کەلە دەوروبەریدا ڕوودەدەن پرسیار دەکات وبەوای وەڵامدا دەگەڕێت بۆی. بۆیە بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی باشترین ڕێگەیە بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارە زۆرەکانی منداڵ. بەڵام ئایا بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی منداڵان کارێکی سادەوساکارە وەك هەندێك بۆی دەچن. پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین منداڵ حەزی لەوەیە وەڵامی پرسیارەکانی بە شێوەیەکی مشەوەق وبە شێوەیەکی دور لە تەم ومژوو ئاڵۆزی بدرێتەوە. لە هەمان کاتدا وەڵامەکان دەبێت بەلایانەوە پەسەند بێت. بۆیە دەکرێت بڵێین بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی منداڵان پێویستە لە تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگ بچێت. ئەو بەدواداچوون ڕۆژنامەوانیانەی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە منداڵانەکاندا بڵاودەکرێنەوە پێویستە زیاتر خۆیان لە قەرەی کێشە ڕاستەقینەکانی چیانی منداڵان بدەن وکۆمەڵێك شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی بخەنە ڕوو کە لە گەڵ ئاوەزاو باری دەروونی وسۆزداری وکۆمەڵایەتی منداڵاندا بگونجێت. زۆربەی ئەو بەدواداچوونانە بەدواداچوونی شیکردنەوەو ڕێنوێنی وپەروەردەیی وفێرکاری ورابواردنن، ولە پێناوی گەیاندنی پەیامی بەدواداچوونەکە وا پێویست لە شێوەی چیرۆك وگێڕانەوەدا بخرێنە ڕوو.

3. **چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی:** چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو کەسانەی کە بەلای منداڵانەوە خۆشەویستن ژانرێکی گرنگە تاکو لە ڕێگەیەوە پرۆسەی فێرکردن وپەروەردەکردن وپێدانی زانیاری بە منداڵان گەشەی پێبدرێت. هەربۆیە زۆربەی ڕۆژنامە ناودارەکانی منداڵان لە جیهاندا هەڵدەستن بە ئەنجامدانی دیدار لە گەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە لە ژیانیاندا سەرکەوتوون وخاوەن داهێنان وبەرهەمن، لەم ڕێگەوە منداڵان ئەو جۆرە کەسانە دەکەن بە پێشڕەوی خۆیان. پێویستە چاوپێکەوتنەکان تەنیا خۆی لە پرسیارو وەڵامی وشك وبرنگدا نەبینێتەوە وببێتە پرۆسەیەکی دراماتیکی ولە کاتی خوێندنەوەدا منداڵان بباتە جیهانێکی تایبەتەوە لە ڕێگەیەوە بیروبۆچوونی نوێ وتێروانینی نوێتری دەست کەوێت. لە هەمان کاتدا پێویستە لە دیدارەکەدا پەنا نەبرێتە بەر نەسیحەت ورێنوێنی زەق وراستەوخۆ، چونکە جیهانی منداڵ جیهانێکی تایبەتەوە هێندە حەزی لە وەعزوتنەوە نییە. پێویستە لە سەر ئەوەی چاوپێکەوتنە دەکات لە زمانی ئەوانەوە پرسیارەکات بکات وخوێنەری منداڵ کاتێك بابەتەکە دەخوێنێتەوە وا هەست بکات خۆی ئەو پرسیارانە دەکات.

4. **بابەتی ڕۆژنامەوانی:** ئەو بابەتەی کە بۆ منداڵ دەنوسرێت نابێت یەك قاڵبی دیاریکراو یان ستایلێکی ئەدەبی تایبەت لە خۆ بگرێت. گرنگترین سیفەتی نوسینی بابەت بۆ منداڵان بۆ هاوڕێکەی دەنوسێت. پێویستە بیرۆکەی نووسینەکە بە شێوەیەکی نەرم ونیان بگەیەنیتە بەرامبەرەکەت وەك ئەوەی لە نێوان نوسەرەکەو منداڵەکەدا پەیوەندیەکی دێرین هەیە. چەندین جۆر نوسین هەیە بۆ منداڵان. وە نوسینی بیرەوەریەکی خۆش وگێڕانەوەی ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش. یان گێرانەوەیەکی کاریکاتێری ورەخنەگرانەی باسێك لە سەر بۆچونێکی دیاری کراو. هەندێك نووسین هەیە لە سەر زانیاری گشتی ومنداڵ لە ناویدا بۆچوون وراستی وبەڵگە دەدۆزێتەوە ودەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی زانیاری وشارەزایی لای. نوسینی واش هەیە لە ڕێگەیەوە منداڵ فێری وشەی زیاتری زمانی دایکی دەبێت وهەستی خێرخوازی ودورکەوتنەو لە شەڕ وشۆڕی لا بەهێز دەبێت.

5. **وێنە وتابلۆ:** وێنەو تابلۆ لە ڕۆژنامەوانی منداڵاندا بە تەنیا ڕەگەزێك نیین بۆ دیزاین، بەڵکو ژانرێکی سەرەکی وزیندویەو بەهایەکی کولتوری وستاتیکی ومیدیایی گەورەی هەیە ولەوانەشە کاریگەریکەی لە ژانرە نووسراوەکان زیاتر بێت. بۆیە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی منداڵاندا تەنیا بۆ جوانکاری ورازاندنەوە بەکار نایەت و لە ڕێگەیەوە رونکردنەوەو شیکردنەوەو گیانی حەزپێکردن لای منداڵان بەهێز دەکرێت. ئەو وێنەرەنگاورەنگانەی کە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی منداڵاندا بڵاو دەکرێنەوە، زەوقی جوانکاریان لا پەرە پێدەدات و ئاسۆی خەیاڵی منداڵ زیاتر بەرفراوان دەکات. وێنەو تابلۆکانی ڕۆژنامەوانی منداڵان لە لایەك پشت بە ڕەگەزی هاندان ووروژاندنی بینین لای منداڵ دەبەستی ولە لایەکی تریشەوە پشت بە توانای ئاواەزای منداڵەکە دەبەستێت، ئەوە جگە لە ئاستی ڕۆشنبیری خودی منداڵەکە. چونکە تێگەیشتن لە ماناو هێمافکری وهونەریەکانی وێنەکان پەیوەستە بە ڕادەی ڕۆشنبیری ئەو منداڵەی کە لە گەڵ زمانی هونەریدا مامەڵە دەکات.

## گرفتە سەرەکیەکانی ڕۆژنامەوانی منداڵان لە کوردستان:

1. لە لایەن کەسانێکەوە ئامادە ناکرێن کە پسپۆرایەتیان لە بواری ڕۆژنامەوانی منداڵاندا هەبێت. ولە ڕووی دەروونی وپەروەردەیەوە بە زۆری ڕەچاوی گرتنە بەری شێوازێکی زانستی ناکرێت. وزۆربەی گۆڤارەکانی منداڵان لە لایەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بە حزب ولایەنە سیاسیەکانەوەدەردەچێت. بۆیە ئەو کەسانەش کە سەرپەرشتی ئەو گۆڤارانە دەکەن خەڵکانی نزیك لە حزب وراگەیاندنەکانی حزبەکان ولە سەر بنەمای شارەزایی وپسپۆری دانەنراوون. لە ڕاستیدا ڕۆژنامەنووسی منداڵان پێویستە

جێگەی باوەڕی منداڵان بێت وراستگۆ وبە هەیبەت وپشت بە خۆ بەستوو بێت ولە گەیاندنی پەیامەکەیدا ڕەچاوی حەقیقەت و ئەمانەت بکات و.

2. ڕەچاونەکردنی قۆناغەکانی تەمەن: زۆربەی ئەوگۆڤارانەی کە تایبەتن بە منداڵان ڕەچاوی ئەو قۆناغە تەمنیانەی کە لە سەروە باسمان لێوەکردن ناکەن تێکەڵ وپێکەڵیەک هەیە لە بابەتەکانیاندا. بە شێوەیەک منداڵی قۆناغی یەکەم لە کاتی خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە بۆ منداڵانی قۆناغەکانی دووەم وسێیەم نووسراون سەری لێدەشێوێت ولە جیاتی تێگەیشتن وفێربوون کاردانەوەیەکی پێچەوانە دەردەخات.

3. ئەو ژانرە ڕۆژنامەوانیانەی کە لەو گۆڤارانەدا بەکاردەهێنرێن، بە شێوەیەک ئاڵۆزو تێکەڵو پێکەڵە سەر لە منداڵان تێک دەدات، چونکە زۆربەیان بە زمانی گەورەکان نووسراون یا خود پەیامێکیان لە خۆدا هەڵگرتووە کە لە گەڵ تەمەنی منداڵاندا یەک ناگرێتەوە.

4. وێنەی وتابلۆکانی گۆڤارەکان زۆرجار لە یەک دەچن و هەندێک جاریش لە گەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا یەک ناگرنەوە. ئێمە دەزانین وێنەکان بۆ ئەوە چاپ دەکرێن یارمەتی منداڵ بدات بە شێوەیەکی ئاسانتر لە بابەتەکە بگات، کەچی لە گۆڤارەکانی لای ئێمە وێنەکان دەبنە مایەی پرسیار لای منداڵەکان وئەو پرسیارەش لە تێگەیشتن لە خودی بابەتەکە دوری دەخاتەوە.